


### فەرناز کانگارلۆ:

# فیمینست نیم، بەڵام بە تابلۆکانم داوای ئازادیی ئافرەت دەکەم

ژن و ئازادی ناوی ئەو پیشانگایە بوو کە خانمە هونەرمەندی شێوەکار فەرناز کانگارلۆ لە هەولێر سازی کرد و چەندین تابلۆی نمایش کرد کە گوزارشت بوو لە ژیانی ئافرەتی کورد و گەیشتنی بە مافەکانی، خاتوو فەرناز پێشتر پیشانگایەکی تری بە ناوی (ژن ژیان) لە هەولێر کردبۆوە، بۆ ئەم مەبەستە بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.



*** بیرۆکەی کردنەوەی ئەم پیشـــانگایە بەم نـــاوە چۆن گەڵاڵە بوو؟**

-بەر لە هەمـوو شـــتێک دەمەوێ ئەوەتان بۆ ئاشکرا بکەم کە من فیمینیست نیم، بەڵام لە دڵەوە ئاواتە خوازم ئافرەتان لە سەرتاسەری جیهان بە ئازادی بژین دوور لە هەر هەڕەشەیەک بە هۆی جێندەرەوە، بیرۆکەی ئەم پیشانگایە لە پیشانگای پێشووترم گەڵاڵە بوو، بەڵام لە پیشـــانگای پێشووتر هەوڵمدا ئەو پەیامە بگەیەنم کە ژیان بەبێ ژن ئەســـتەمە لە هەمان کاتدا ژیان بۆ خۆی بۆ ئافرەت جا لە هەر شـــوێنێک بێت ئاسان نییە و پێویستی بە خەبات و تێکۆشانێکی زۆر هەیە بە لایەنی کەم دەبێ کۆمەڵگاکان لەو پەیامە ئاگادابکرێنەوە، هەر بۆیەش پیشانگای پێشووترم بە ناوی (ژن ژیانە) بوو، چونکە ئێســـتا ژیانی ئافرەت گۆڕانکاری بەســـەردا هاتووە، ئافرەت کار دەکات و ئابووریـــی خۆی هەیە، ئافـــرەت بیر دەکاتەوە، من بەر لە ماوەیەک دایک و برام لە دەستدا، بەو پیشانگایە دەمەوێ بیسەلمێنم راستە کە من ئافرەتم، بەڵام سەرەڕای گەورەیی کۆستەکە و ئافرەت بوونم دەتوام بە ئازادی بژیم و بەســـەر خەم و ناخۆشـــیەکانمدا زاڵ بم.

*** ئەوەی تێبینی دەکرێت ئافرەت بەشـــێکی زۆری لە کارەکانت پێکهێناوە، تەنیا گرنگی بە ئافرەت دەدەی لە تابلۆکانت؟**

-نەخێـــر من کارەکانم هەمەجۆرن و تەنیـــا ئافرەت ناکەم، چونکە پێویســـتە هونەرمەند لە کارەکانیدا گوزارشت لە گشت لایەنەکانی ژیان بکات، ئەوەی زیاتر پەیوەندی بەم پیشـــانگایەوە هەیە ئەوەیە کە هاوکاتە لەگەڵ رۆژی جیهانی نەهێشـــتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، هیوادارم بتوانم پیشـــانگایەک لـــە کەمپەکانی ئاوارەکانی رۆژئاوا بکەمەوە بۆ ئەوەی ئافرەتانـــی کەمپەکانیش بەو تابلۆیانە ئاشـــنا بن کە گوزارشـــت دەکات لە خەمەکانیـــان وەک ئافرەت و لەلایەکیش وەک کورد.

*** ئافرەتانی رۆژهەڵات بە گشـــتی شـــتێکیان هەیە کە کۆیان بکاتەوە، بۆ نموونە ئافرەتانی کورد کە سەیری خەمەکانی ئافرەتێکی ئێرانی بکات خۆی تێدا بدۆزێتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئافرەتانی جیهان بە گشـــتی زۆر شت هەیە کۆیان بکاتـــەوە، لە هەمان کاتدا ئافرەتانی رۆژهەڵات خەمەکانیان ئەگەر یەک نەبێت ئەوا هاوشـــێوە و زۆریش لـــە یەک نزیکە، بەڵێ ئافرەتـــان لە دڵی خۆیـــان خەمێکیان هەیە، بـــەڵام رەنگە نەتوانن خەمەکانیان دەربڕن یان نەیانەوێ دەری ببڕن، چونکە سەرەڕای ئەو خەمانەی کە هەیانە دەبینن ژیان زۆر خۆش و شیرینە، ئەو خەمەی ئەمڕۆ هەیە تەنیا بۆ ئەمڕۆیە کەس نازانێت سبەی چی دەبێت یان چی نابێت و مەرجیش نییە سبەیش بە هەمان شێوە خەم هەبێت.

*** مەبەستت ئەوەیە ئافرەت نابێ تەنیا بیر لە خەم بکاتەوە؟**

- بەڵێ مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە، چونکە هیچ کەسێک ناتوانێت تا هەتایە لەگەڵ خەم و ترسدا بەردەوام بێت لە ژیان.

***لەم بوارەوە چ پەیامێکتان هەیە؟**

- پەیامی ســـەرەکیی من بۆ ئافرەت ئەوەیە کە نەترســـن و هەوڵ بدەن بە هەمـوو شـــێوەیەک لە تـــرس و دوودڵی و بڕوا بە خۆ نەبوون دووربکەونەوە و بۆ ئازادی هەوڵ بدەن و خەبات لە پێناو هێنانەدیی ئـــازادی برەو پێ بدەن و ناوی خۆیـــان بە جوانی رابگرن لە هزری بەشەکەی دیکەی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی رێزیان زیاتر بێت و بەچاوی رێزەوە سەیریان بکرێت و هیچ کاتێک بیر لە چەوساندنەوەی نەکرێتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئافرەتە.

*** لە تابلۆکانتدا ســـەرنجت بۆ ئەوە راکێشاین کە زیاتر گرنگیت داوە بە جەســـتەی ئافرەت و دەرخســـتنی جەستەی، لە دەرخستنی جوانی و جەستەی ئافرەت دەتەوێ چی بڵێی؟**

- من دەڵێم بۆچی عەیبە نیە ئافرەت روخســـاری خۆی نیشـــان بدات و نەیشـــارێتەوە، بەڵام جەستەی شاراوە بێت، مەبەستم ئەوەیە کە زۆر ئاساییە هەروەک رووخساری ئافرەت دیار بێت بەو شێوەیەش ئاســـاییە کە جەســـتەی دیار بێت و نیشـــانی بـــدات، من لەمەدا پەیامێکـــی تایبـــەت بەخۆم هەیە و نامەوێ خەڵـــک بەوە تێبگات کە مەبەســـت ئەوەیە ئافرەت خۆی رووت بـــکات یان هاندانی خۆ رووت کردنەوە بدەم، ئەوەی من دەمەوێ بیگەیەنم پێوەندی زیاتر بە خودی ئافرەتەوە هەیە ئەویش ئەوەیە ئافرەت کە ســـەیری جەستەی خۆی دەکات شـــانازیی پێوە بکات، واتە شانازیی بە ئافرەت بوونی خۆیەوە بکات، چونکە بەداخەوە ئێستا بارودۆخی ئافرەت لە هەندێک رووەوە گەیشـــتۆتە ئەو رادەیەی کە خودی ئافرەت شەرم لە خۆی و جەســـتەی خـــۆی دەکاتەوە، بە مانایەکی تر چـــۆن گرنگی بە رووخســـاری خۆی دەدات و شانازیی پێوە دەکات بە هەمان شێوەش پێویســـتە شانازی بە جەستەی خۆی بکاتەوە و گرنگی پێبدات بە لایەنی کەمەوە لەگەڵ خۆی.

*** واتە جەســـتەی نیشـــانی فەزای گشـــتی بدات یان تەنیا بۆ خۆی؟**

- نەخێر من لە تابلۆکاندا هەوڵمداوە جەستەی ئافرەت بە خواستن وەربگرم و بەکاری بهێنم بۆ دەربڕینی یەکێک لە خەم و کێشـــەکانی ئافرەتان، چونکە ئەم لایەنەش بەلای منەوە زۆر گرنگە، مەبەستی من ئەوەیە کە جەستەی خۆی نیشانی خۆی بدات و لەگەڵ خۆیەوە کە سەیری دەکات شانازی بە ئافرەت بوونی خۆیەوە بکات، چونکە بەداخەوە ئافرەتانی خۆمان زۆر ئاســـاییە لەلایەن جەستەی خۆیان نیشانی هاوســـەرەکانیان بدەن، بەڵام زۆریان شـــەرم لەوە دەکەن کە خۆیان سەیری بکەنەوە.

*** زۆر بـــاس لە مافـــی مـــرۆڤ دەکرێت، بەڵام ئافـــرەت لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ بەشـــێوەیەکی گشـــتی مافی تایبەتی هەیە کە پێویســـتە بەرچاو و رەچاو بکرێت، پێتوایە باس لە مافی ئافرەت کرابێت بەشێوەیەکی گشتی؟**

- بەشێوەیەکی گشتی زۆر باس لە مافی مرۆڤ دەکرێت، بەڵام من وەک ئافرەتێک دەڵێم مافی پیاو و ئافرەت یەکسانن، بۆچی یەکســـانن؟ چونکە ئەگەر من خۆم بە زمانی خۆم قســـە دەکەم و کاری خۆم هەبێت و بتوانم کارەکانم راپەڕێنم بۆچـــی داوا لە پیاوێک بکەم ئـــەم ئەرکەم بۆ ئەنجام بدات لە کاتێکدا من دەتوانم بیکەم، تەنیا ترسێک لە دڵی ئافرەت هەیە کە وای لێدەکات بەو شـــێوەیە بیر بکاتەوە کە نەتوانێت بیکات، بۆیە کە ئافرەت توانای هەبوو قســـە بکات و داوای مافی خۆی بـــکات، بێگومان دەتوانێـــت ئەو مافەش بەدەست بهێنێت.

*** ئایا ئافرەتان بە هونەری شـــێوەکاری دەتوانن پەیامی خۆیان وەک ســـینەما یان شانۆ بگەیەنن؟**

- بەڵـــێ دەتوانن، چونکـــە پەیام هەر پەیامە جا لە ســـینەما بگەیەنرێت یان لە شانۆ یان لە شـــێوەکاری، پێموایە هونەری شێوەکاریش هیچ لە ژانرەکانی دیکەی هونەر کەمتر نییە، بەڕای مـــن هەموو ژانرەکانی هونـــەری دەتوانـــن پەیامێکی هاوبەشـــیان هەبێت لە یەک کاتدا بیگەیەنن و پەیامێکی سەرتاسەری بێت.







سارا ئەحمەدیان:

# میوزیکی کوردی ڕەسەنترین میوزیکی ئێرانە



**سارا ئەحمەدیان یەکێکە لە دەف ژەنە سەرکەوتوو و ناسراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری کرمانشا هاتۆتە دنیا و هەر لەوێش دەستی بە ژەنینی دەف کردووە و بەردەوام بووە و لەگەڵ چەند تیپی هونەری جیاجیا کاری کردووە و لەگەڵ گروپی بێسارانی سەردانی باشووری کوردستانی کردووە و لە کۆنسێرتەکانی گرووپی ناوبراودا بە ژەنینی چەند ئامێرێکی مۆسیقی بەشدار بووە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەریت چۆن و کەی بوو؟**

- من لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە دەستم بە ژەنینی دەف کردووە، دوای ئەوە لەسەر چەند ئامێری دیکەش کارم کردووە، بەڵام پسپۆری خۆم ژەنینی دەفە.

*** ئەگەر سەیری رۆژهەڵات و بە شەکانی دیکەی کوردستان بکەین موزیك لە کام بەش زیاتر پێشکەوتووە؟**

- کوردستان بە گشتی پێشینەیەکی مێژوویی زۆر کۆنی هەیە و خاوەنی پێشینەی دەستییە کە هەڵگیراو وپارێزراون، فەرهەنگ و مۆسیقای سوننەتی لە کوردستان بە شێوازی جیاجیا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە لە هەموو روویەکەوە لەو بوارە دەبینین مۆسیقا و مەقامی رەسەنی کوردی سەنگی خۆی هەیە، لە هەمان کاتدا ئەم مۆسیقایە کە رۆژ دوای رۆژ لە پێشکەوتندایە قابیلی ئەوەیە سوودی لێ وەربگیرێت و پەرەی زیاتری پێ بدرێت.

*** لە ئێران مۆسیقای سوننەتی رەواجی هەیە ئێوە چۆن سوودتان لە**



**مۆسیقای ئێرانی وەرگرتووە؟**

- ئێستا لە ئێران مۆسیقا جۆراوجۆرەکان رەواج و جەماوەری زۆریان هەیە، بەڵام مۆسیقای رەسەنی ئێرانی تا ئێستاش ئەو مۆسیقا سوننەتییەیە کە ئوستاد و هونەرمەندی گەورەی هەوڵی پێشخستنی دەدەن لە پاڵ ئەو مۆسیقا جیهانیانەی کە باسم کردن و هیچ کاتێك رەسەنایەتی خۆیان فەرامۆش ناکەن و بە زیندوویی دەهێڵنەوە، منیش تا ئێستا سوودم لە مۆسیقای سوننەتی وەرگرتووە و پەیوەندییەکی بەهێزم لەگەڵی هەیە، چونکە هەر لە منداڵییەوە ئاشنای بووم.

*** هەست دەکەن هیچ نزیك بوونێك لە نێوان مۆسیقای کوردی و ئێرانی هەیە؟**

- مۆسیقای کوردی رەسەنترین و فراوانترین مۆسیقای لۆکاڵی بووە لە ئێران، پیاوانی کوردستان مۆسیقا و گۆرانی زیندوو و جیاوازیان بۆ ئافرەتانی کوردی وتووە بەتایبەتی لەو ئاهەنگ و مەراسیمانەی کە ساز کراوە، لە بواری سۆفیگەریی و تەنانەت لە مەراسیمی پرسەکانیشدا سوود لە مۆسیقا وەرگیراوە، دەتوانین بڵێین مۆسیقای ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بناغەیان زۆر لە یەکترییەوە نزیکن، بۆ نموونە دەبینین مۆسیقای کوردستانی عێراق و زۆر لە پارچەکانی دیکە یەك ریشەیان هەیە، لە هەمان کاتدا مەقاماتی کوردی جۆراوجۆری هەیە وەك بەیات، سیاچەمانە، هورە، ئەگەرچی زۆر جار دەبینین بە گشتی مۆسیقای کوردی دەخرێتە ژێر کاریگەری مۆسیقای سوننەتی ئێرانییەوە، مۆسیقا و مەقامی کوردی لە دەوروبەر و لە ناوخۆی کوردستان بە چێوازی جیاجیا پارێزراو بووە، سەسەنتررەرای ئەمەش مۆسیقای کوردی یەکێکە لە رەسەنترین مۆسیقاکانی ئێران کە گۆزارشتی لە سەردەم و رووداو و مێژووی کوردی کردووە و ئەم رەسەنایەتییەش لە نێو فۆلکلۆری کوردی پاراستووە، بەپێی زانیارییەکانی من مۆسیقای ئێرانی ٧ دەستگا پێکهاتووە کە ناونیشان و بابەتی ئەم دەستگایە مەرج و شێوازەکانی لە ئاوازی (قەتارەی) کوردی وەرگیراوە کە ئێمە بە دەستگای ژێدار ناویان دەبەین، مامۆستای مەزن محەمەدی ماملێ توانیی ئاواز بۆ حەیرانی کوردی دابنێت و تێکەڵ بەم دەستگایانەی بکات، بۆیە دەتوانم بڵێم هەستێکی هاوبەشی مۆسیقی لە نێوان مۆسیقای سوننەتی کوردی و ئێرانی هەیە و هەستی پێدەکرێت.

*** ئێستا خەڵك زیاتر رووی لە گۆرانی خێرایە، چۆن بتوانین گۆرانی رەسەنی کوردی زیندوو بکەینەوە لە زهنی تاکی کورد؟**

- ئێستا جۆرەها مۆسیقا لە کوردستان بوونیان هەیە و ئەم جۆرە مۆسیقایانەش هەوادار و جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر بە وردی لەم دیاردەیە بڕوانین و بەراوردی بکەین لەگەڵ مۆسیقای کوردی رەنگە بگەینە ئەو راستیەی کە دوور نییە مەترسی لەسەر مۆسیقای کوردی درووست بکات، نابێ ئەوەشمان لە بیر نەچێت سەرەڕای ئەمە ئێمە خاوەن چەندین ئوستادی پایە بەرزین لە بواری مۆسیقا و گۆرانی کە بەرهەمەکانیان بە زیندوویی و رەسەنایەتی دەمینێتەوە وەك عەلی مەردان، حەسەن زیرەك و چەندانی دیکە، بەڕای من ئەگەر بتوانین گەنجانی ئەمڕۆ بە بەرهەمی ئەم هونەرمەندانە ئاشنا بکەین و مەقامە کۆنەکان زیندوو بکەینەوە بەشێوەیەك زانستی و درووستی، ئەوا دەتوانین مۆسیقای کوردی چەندین جار لەوەی ئێستا هەیە پێشی بخەین، هەروەها مۆسیقای کوردی کە ئێستا پەرت و بڵاوە کۆ بکەینەوە و زیندوو بێتەوە لە زهنی تاکی کورد و ئەو رەسەنایەتییەی کە هەیەتی بۆ بگەڕێنینەوە.

*** لە باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) هونەری کوردی لە بەردەوامیدایە ئایا پێتوایە ئەو پێشکەوتنە وەك پێویست بووە؟**

-بێگومان ئەوەی هەستی پێدەکرێت لە باشووری کوردستان هونەری کوردی لە پێشڤەچوونی بەردەوامدایە، ئەمەش بۆ چالاکی هونەری بەردەوام و درێژەپێدان بە کاری هونەری دەگەڕێتەوە، لە هەمان کاتدا کار کردنی بەردەوام و هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لەوەی ئێستا لەبەر دەستدایە، ئەمانەش ئەگەری بە زیندوو هێشتنەوەی مۆسیقای کوردی زیاتر کردووە.

*** بوونی ئافرەت لە هونەری کوردی چۆن دەبینن بەتایبەتی لە بواری مۆسیقای سونەتی؟**

-ئێستا بوونی ئافرەت لە گۆڕەپانی هونەری کوردی باشتر بووە، بەڵام ئێستا و لە چەند دەیەی رابردوودا و لەبەر گرفت و کێشەی ناوخۆی و گرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی، هەست دەکرێ بوونی ئافرەتان لە بواری مۆسیقا و گۆرانی کوردی وەك پێویست نییە، سەرەڕای ئەمە ئێستا بەشێك لە خانمە هونەرمەندان چالاکی هونەریی زۆریان هەیە و بوونەتە بەشێك لەو پێشڤەچوونەی هونەری کوردی بەخۆیەوە بینیوە و ئێمە چاوەڕێی ئەوەین کە زیاتر لەوەی ئێستا هەیە ئافرەتان بێنە مەیدانەوە و کاری خۆیان بکەن و لە سنووردارییە ئێستا هەیە دەربازیان بێت، بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی لە ئێرانن کە توانای هونەرییان زۆرە بتوانن تواناکانیان دەربخەن.

*** ئایا تێکەڵاو بوون و نزیك بوون لە هونەری عەرەبی و فارسی زیانی بە هونەری کوردی نەگەیاندووە؟**

-لە بارەی پێوەندی نێوان مۆسیقای کوردی و عەرەبی دەتوانم بڵێم ئەو هەستەی لە مۆسیقای کوردی هەیە ناکرێ بە یەکجاری جیایان بکەینەوە و دوور نییە بە هۆی تێکەڵاوی ونزیکی جوگرافیی لە یەکترییەوە جۆرێك کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبێت، لە هەمان کاتدا ناتوانین بڵێین زۆر لە یەکتر نزیکە یان هاوشێوەیەی یەکترە ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە هەر مۆسیقا و هونەرێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە.



# زەینەب چی بەسەر هاتووە؟

ئەگەرچی خانمە ئەکتەری تورکی میرڤی بۆلگۆر رۆڵێکی جوان و سەرکەوتووی لە زنجیرە درامای (حریم السلطان) دا هەبوو و بە هۆی ئەو رۆڵە سەرکەوتووەی جەماوەرێکی زۆری لەو وڵاتانەدا پەیداکردووە کە زنجیرەکەی تێدا نمایش کرا، هەروەها لە تورکیاش، بەڵام کۆمپانیای بەرهەمهێنەری زنجیرەکە میرڤی لە هەندێك هەڵسوکەوتەکانی ئاگادار کردەوە و هۆشداری دایێ ئەگەر وازیان لێ نەهێنێت ئەو رۆڵەی پێی سپێردراوە دەیدات بە کەسێکی دیکە.

کۆمپانیای Tims Production میرڤی ئاگادار کردەوە ئەگەر لە یانەی شەوان دوور نەکەوێتەوە ئەوا دوور نییە ئەو رۆڵەی پێی سپێردراوە لێی بسەنرێتەوە ئەگەر واز لەو رەفتارانە نەهێنێت، چونکە بەپێی کۆمپانیای ناوبراو: میرڤی شەوانە بە شێوەیەکی بەردەوام لە یانەکانی شەوان دەبنیرێت ئەمەش کاریگەریی دەکاتە سەر ناوبانگی خۆی و دواتریش رەنگە کار بکاتە سەر ئاستی جەماوەریی زنجیرەکە و لە کۆتاییشدا کۆمپانیا ناوبانگ لە دەست دەدات و لەرووی ماددیشەوە زیانی گەورەی بەر دەکەوێت، چونکە ئێستا ئەو دەرچوونە دەرەوەی بووەتە باسی زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندنی تورکیا.

شایەنی باسە بڕیار وابوو میرڤی ڕۆڵی سولتانە نوربانو ببینێت لە بەشی چوارەمی زنجیرەکە.

# حەلیمە بولند پەیوەندییەکەی ئاشکرا دەکات

ماوەیەك بەر لە ئێستا چەند وێنەیەکی خانمە راگەیاندنکاری بەناوبانگی کوێتی حەلیمە بولند لەگەڵ سەرۆکی پێشووی لیبیا موعەمەر قەزافی بڵاوکرایەوە، دوای بڵاو کردنەوەی وێنەکانیش چەند قسەوقسەلۆك دەربارەی دیدارەکەیان لە میدیاکان بڵاوکرایەوە و تۆمەتی جیاجیا خرایە پاڵ حەلیمە.

هەندێك لە میدیاکان بڵاویان کردەوە کە حەلیمە منداڵێکی لە قەزافی هەیە و تاقمێك زێڕ و ئەڵماسی پێشکەش کردووە و چەندین تۆمەتی دیکەی لەو بابەتە، بەڵام حەلیمە لە میانەی بەرنامەیەکی کەناڵی ئاسمانی دوبەی هەموو نهێنییەکانی درکاند و رەتی کردەوە کە ئەم تۆمەتانە بە هیچ شێوەیەك راست بن و بە دوور لە راستی لە قەڵەمی دان و بە هێرشێکی ناحەزانی خۆی زانی و وتی: جارێکیان قەزافی کۆمەڵێك ئەڵماسی پێشکەش کردم وەك رێزلێنانێك بۆ بەدەستهێنانی نازناوی باشترین بێژەری عەرەبی کە نرخیان دەگەیشتە نزیکی یەك ملیۆن دۆلار و بەشێوەیەکی رەسمی لە وەزارەتی رۆشنبیری پێشکەشی کردم، جا نازانم هەر کەسێك لەگەڵ هەر سەرۆکێك وێنە بگرێت دەبێ بەم شێوەیە باسی بکەن یان مەرجە وێنەگرتن لە بەرامبەر وەرگرتنی پارە و پەیوەندیی نهێنی بێت، ئەگەر ئەمە راست بێت واتە هەموو هونەرمەند و راگەیاندنکارەکانی دیکە پەیوەندییان لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکاندا هەیە.

حەلیمە لە میانەی بەرنامەکەیدا ئەوەی رەت کردەوە کە هەوڵێ دابێت جوانیی خۆی بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بە چەند مەبەستێکی تایبەت و راکێشانی سەرنجی پیاوان بەو نازەی کە لە بەرنامەکانیدا دەیکات و وتی: من هەمیشە بە گەشبینییەوە لە ژیان دەڕوانم و ئەگەر گرفتێکیشم هەبێت حەز ناکەم بینەر هەستی پێ بکات، من بە سروشت وام حەز دەکەم لە کاتی پێشکەش کردنی بەرنامە بینەر بە تەواوی ئاگای لە بەرنامەکەم بێت و سەرنجی بۆ بەرنامەکە رابکێشم، نەك بۆخۆم.





# ماگی: دایکم سەرچاوەی ئیلهام و سەرکەوتنمە

کچە ئەکتەری سینەمایی ئەمریکی ماگی گریسی، دایکی خۆی بە نموونەی فیداکاری و بەخشندەیی وەسف دەکات و سەرکەوتن و بەردەوامی لە کاری هونەری بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی ئەو دگەڕێنێتەوە، چونکە لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانیدا هانیداوە بەردەوام بێت لە خوێندن و لە هەمان کاتدا کاری کردووە بۆ سەرکەوتنی کچەکەی وەك ئەکتەرێك.

ماگی پاڵەوانی زنجیرەی (لوست) لە بارەی ژیانی تایبەتی خۆی لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە دوای جیابوونەوەی دایك و باوکی ناچار بوو ئۆهایۆ جێبهێڵێت و روو لە لۆس ئەنجلۆس بکەن، هەروەها لە قۆناغی ناوەندی واز لە خوێندن بهێنێت، چونکە دووچاری گرفتێکی ئابووریی گەورە بوونەوە، بەڵام دایکی هانیدا لە لۆس ئەنجلۆس بە دوای حەزەکانی خۆیدا بێت و یارمەتیدا لە بواری هونەری بەردەوام بێت.

ماگی دەربارەی دایکی دەڵێت: دایکم سەرچاوەی ئیلهامە بۆ من و بە نموونەی بەرزی خۆم و نزیکترین و ئازیزترین هاوڕێی ژیانی خۆمی دەزانم، هەروەها خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم کە دایکێکی بەم شێوەیەم هەیە، دایکم، لەبەر ئەوەی دایکم بەریتانییە منیش ئێستا خۆشەویستییەکی بێ سنوورم بۆ ئەو وڵاتە هەیە و حەز دەکەم زۆربەی کاتەکانم لەوێ بەسەر بەرم ئەمەش هەمووی بۆ خۆشەویستیی دایکم دەگەڕێتەوە.



# لە دوبەی پیاسەیەکی سکارلیت بە ٥ دەفتەرە

لە مەزادێکی خێرخوازی ئاشکرادا کە لە تاوەری خەلیفە لە دوبەی ساز کرا یەکێك لە عاشقەکانی ئەستێرەی سینەمایی سکارلیت جۆهانسۆن بڕی ٥٥٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی دا تەنیا بۆ ئەوەی دەرفەتی پێ بدرێت پیاسەیەکی لەگەڵدا بکات لەسەر فەرشێکی سوور کە تایبەت بۆی دانرابوو لەکاتی بەخێرهێنانی لە دوبەی.

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی فیستیڤاڵی دوبەی بۆ سینەمای جیهانی (DIFF)، ئاژانسی ئۆکسفایمی جیهانی لە ئۆتێلی ئەرمانی کە دەکەوێتە ناو تاوەری خەلیفە ژمارەیەك ئەستێرەی سینەمایی جیهانی بانگهێشت کردبوو بۆ ئاهەنگێکی خێرخوازیی تایبەت، دەوڵەمەندێکی عەرەب لە مەزادێکدا بڕی ٥٥٠٠٠ دۆلاری پێشکەش کرد لە بەرامبەر پیاسەیەك لەگەڵ سکارلیت کە باڵیۆزی ئاژانسی ئۆکسفایمە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و وتی: زۆر دڵخۆشم بەوەی کە ئەم دیارییە جوانە پێشکەش بە مەزادەکە بکەم و هیوادارم ئۆکسفایم بتوانێت زۆرترین بڕە پارە کۆ بکاتەوە بۆ پەرەپێدانی کارەکانیان لە نەهێشتنی هەژاری لە سەرتاسەری جیهان، من سەربەرزم کە بەشداری لە کاری ئەم رێکخراوەدا دەکەم کە منیان وەك باڵیۆز هەڵبژاردووە.